# بە دژی ئەشکەنجە و ئیعدامی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان لە ئێران

## بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانیە سیاسیەکانی کورد لە ئێران

بەڕێزان،

هەر وەک ئاگادارن، لە چەند مانگی رابوردووە زەخت و فشاری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ئازادیخوازان، رۆژنامەوانان و چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران رۆژبەرۆژ لە پەرەسەندن دایە. لەو ماوەیەدا رژێمی مەلاکان بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی لاوانی ژێر هەژدە ساڵ، دەستوپێی کۆمەڵێک زیندانیی سیاسی بە پێی یاسای سزادانی ئیسلامی پەڕاندووە. هەروەتر بارودۆخی بەندیخانەکانی کوردستان لەوپەڕی خراپی دایە و بەندکراوانی کورد لە هەموو مافە ئینسانی‌یەکان بێبەش کراون.

زیاتر لە سێ حەوتوویە کە ژمارەیەک لە بەندی‌یە سیاسی‌یەکانی کورد بە نیشانەی ناڕەزایەتی بەم دۆخە نامرۆڤانەی رژێم، دەستیان داوەتە مانگرتنێکی هاوبەش. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە بواری سڵامەتی و گیانی ئەو بەندی‌یانە زیاتر بکەوێتە مەترسی‌یەوە. مانگرتنەکە بە هەشتا کەس دەستی پێکرد و لەم ماوەیە دا ژمارەی مانگرتووان ـ سەرەڕای دژکردەوە و توندوتیژی کاربەدەستانی رژێم ـ گەیشتۆتە زیاتر لە سەد کەس.

داخوازی‌یەکانی زیندانی‌یە مانگرتووەکان بریتین لە راگرتنی ئێعدام و ئەشکەنجە لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە و هەروەها کۆتایی‌هێنان بە رەفتاری نامرۆڤانە و پێشێلکردنی مافەکانی بەندکراوە سیاسی‌یەکان لە بەندیخانەکانی ئێراندا.

خەڵکی کوردستان لەم ماوەیە دا بۆ پشتیوانی لە داواکاری رۆڵە بەندکراوەکانی خۆیان دەنگیان هەڵبڕیوە و چەندین خۆپێشاندانیان بەرپا کردووە و تەنانەت لە چەند شاری کوردستان مانگرتنی گشتی بەڕێوە چووە. رژێمی کۆماری ئیسلامی لە جوابدا دەستی داوەتە ئەزیەت و ئازاری بنەماڵەی گیراوە سیاسی‌یەکان و ژمارەیەکی لە کەسوکاری ئەوان رەوانەی زیندان کردووە.

راپەڕینی مەدەنی بەندی‌یە سیاسی‌یەکانی کورد لە لایەک و هەڵسوکەوتی دڕندانە و نامرۆڤانەی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەندیخانەکانی ئێران دا لە لایەکی ترەوە، لە ئاستی نێونەتەوەیی‌یەوە شەپۆلێکی گەورەی پشتگیری و پشتیوانی لە ویست و داخوازی‌یەکانی بەندی‌یە سیاسی‌یەکانی کورد پێک هێناوە. هەتا ئێستا زۆر رێکخراو، حیزب و کەسایەتیی سیاسی بیانییەکان ـ بەتایبەتی لە سویس، وڵاتانی سکاندیناوی و ئینگلیستان ـ دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەنگی کوردانی دەرەوەی وڵات و بە شێوازی جۆراوجۆر لە خواستی زیندانیە سیاسی‌یەکانی کورد پشتیوانی‌یان کردووە.

بەڕێزان،

لە ئێوە وەک حیزبەکان، کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ کە بەرپرس و نوێنەری ئەرزیشە ئینسانی و دیمۆکراتیکەکان لە ئاڵمانن و بۆ پاراستن و پشتیوانی کردن لەو ئەرزیشانە هیچ سنوورێک دانانێن، چاوەڕوانیمان هەیە کە بە هەموو تواناوە لە خەباتی مەدەنی رووناکبیرانی کورد و ئێرانی بۆ وەدیهێنانی مافی شارومەندی و دیمۆکراسی لە ئێران، پشتیوانی بکەن. ئێمە بەناوی دیمۆکراسی و دادپەروەری و ئازادی کە هەمووومان باوەڕی قووڵمان پێیەتی، داواتان لێ‌دەکەین جینایەتەکانی رژێمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر ئێستا بە ئاشکرا ـ بەتایبەتی دژی بەندی‌یە سیاسی‌یە بێدەسەڵاتەکانی کورد ـ بەڕێوە دەچێ، مەحکووم بکەن. لەو رۆژە سەختانەی کە بەندی‌یە سیاسی‌یەکانی کورد تێی دان، ببنە پشتگیریان و لە داخوازی‌یە ئینسانی‌یەکانیان پشتیوانی بکەن! رێگا مەدەن چیتر مناڵانی کەم تەمن ئیعدام بکرێن! کۆماری

تیرۆرپەروەری ئیسلامی ئێران بە بێ زەخت و فشاری ئێوە دەست لە ئیعدامە دڕندانەکانی هەڵناگرێ. دەنگی نارەزایەتی ئێوە دەتوانێ گیانی زۆر کەس لە مردن ڕزگار بکات. هەر وەک چۆن بە مەحکووم کرانی کۆماری ئیسلامی ئیران لە دادگایی میکۆنۆس، تیرۆری ئۆپوزیسیۆن لە ئورووپا دا کۆتایی پێهات.

بەکورتی: دەنگتان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمە و ڕووناکبیرانی کورد لە بەندیخانەکانی ئیران دا و داوای ڕاگرتنی ئەشکەنجە و لەسێدارەدان و نەمانی سزایی نامرۆڤانەی ئیعدام لە ئێران دا بکەن.

لە گەل ڕێز و سوپاس

**کومیتەی پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانییە سیاسییەکانی کورد لە ئێران (دۆرتموند/ئالمانی فیدراڵ)**

**١٩ی سێپتامبری ٢٠٠٨**